# باخەباتو تێكۆشانمان بۆ بەدیهێنانی داخوازیەكانمانو بەردانی گیراوەكان بەردەوام بێت !

## كۆمەڵانی خەڵكی شارۆچكەی دەربەندیخان

دوای ئەوەی خەڵكی دەربەندیخان چەندین جار ناڕەزایەتیان دەربڕی دژی كەمی خزمەتگوزاریەكانو دیاردەی گەندەڵیو بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنیو گرانی بازاڕو چەندین دیاردەی دزێوی تر، وە دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی حكومەتی هەرێم وەكو پیشەی هەمیشەییان وەڵامی داخوازیو ناڕەزایەتی خەڵكیان نەدایەوە، سەرەنجام خەڵكی دەربەندیخان تێكڕا هاتنە سەر شەقامەكانو دەنگی ناڕەزایەتی بەكۆمەڵیان دەربڕیو سەركوتو پەلامارو هەڕەشەی هێزە سەركوتگەرەكانیش نەیتوانی بەر بەشاڵاوی ناڕەزایەتیو خەباتیان بگرێو خامۆشی بكاتەوە.

بەڵام ئەوە هەر خەڵكی دەربەندیخان نەبوون كەدژی ئەم بارودۆخە ناهەموارە دەنگیان هەڵبڕیوە، خەڵكی سەرجەم شارەكانی كوردستان سەختی ژیانو گوزەرانو كەمی مووچە وە یان كەمی یان نەبوونی ئاوو كارەباو بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنیو...تاد، تینی بۆ هێناونو بەشكڵو شێوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتی دەردەبڕن، ئەوەتا دەیان هەزار كەس لەخەڵكی چەمچەماڵو بازیانو كفریو كەلارو هەڵەبجەی تازەو ...... هاتوونەتە سەر شەقامەكانو داخوازیەكانی خۆیان بەرووی دەسەڵاتداراندا بەرزكردۆتەوەو هەرچەند لەزۆربەی ئەو شوێنانە، وەكو شارۆچكەی دەربەندیخان، دەسەڵاتداران جگە لەسەركوتو لێدانو ئازاردانی خۆپیشاندەرانو دەسگیركردنو كوشتنو شەهیدكردنیان هیچ وەڵامێكی تریان نەبووە، بەڵام ئەوە نەك هەر خەباتو تێكۆشانی خەڵكی خامۆش نەكردۆتەوە بگرە زیاتر پەرەی پێداوەو گوڕوتینی پێبەخشیوە.

## جەماوەری ناڕازی دەربەندیخان

تەنها بەدرێژەدان بەخەباتو ناڕەزایەتیەكانمان بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستانەی كەلەخۆپیشانداندا خستمانەڕوو دەتوانین سەركەوتن بەدەست بهێنینو بەنیشاندانی بەرگری زیاترو خۆرێكخراوكردنمان لەرێكخراوە جەماوەریو سیاسیو مەدەنیەكاندا دەتوانین بەر بەپەلامارو سەركوتی زیاتری دەسەڵاتدارانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بگرین. ئێمە بانگەوازتان دەكەین زیاتر خۆتان رێكخراوبكەنو كۆڕوكۆبونەوەی جەماوەری رێكبخەنو تیایدا نوێنەرانی راستەقینەی خۆتان لەگەڕەكو ناوەندەكانداو لەسەر شەقامەكان هەڵبژێرنو هێزی خۆتان بخەنە پشتی ئەوانو بیان كەن بەتەرەفو لایەنێكی سەرەكی لەگەڵ دەسەڵاتدراندا بۆ بەدیهێنانی داخوازیەكانو بەشداریكردن لەبەڕێوەبردنی كاروباری ئەو شارەدا. هەروەها بانگەوازتان دەكەین كە بچنە بەردەم زیندانەكانو تا ئازادكردنی گیراوەكان مانگرتنی خۆتان مەشكێننو ناڕەزایەتی خۆتان درێژەپێبدەن..

**سەركەوتووبێت خەباتو تیكۆشانی خەڵكی دەربەندیخان**

**ئازادی بۆ گیراوە سیاسیەكان**

**یەكێتی كۆمۆنیستەكان لەعێراق**

**كۆمیتەی دەربەندیخان**

2006/8/8